**کۆنگرەی شەش و پشیلەکەی ئەبولینا و**
**دوو شەشە تۆپیوەکانی شیوعیە پارتییەکان..**

هاوڕێیەکی سەرکردەی عەرەبمان لە کەرەچاڵ، بنکەی مەڵبەندی سلێمانی و کەرکوکی حزبی شیوعی بە ناوی ئەبو لینا لە ساڵانی هەشتای سەدەی پێشو هەبوو، دواتر زانیم ناوی لالە نەهرۆیە. کارامەیی ئەو سەرکردەی چینی کرێکارەم لە دوو شتدا بینی، یەکەم پەروەردەی پشیلە، دواتریش بەرزکردنەوەی ئەوانەی دەستڕەنگین بوون لە ماستاو ساردکردنەوە.

ساڵی١٩٨٥ بوو، هەر لەو دۆڵە ڕەقەی کە ناوی کەرەچاڵ بوو، ناوەکەی بە خۆیەوە بوو، دۆڵێک تەنها ئاسمانی لێدیاربوو، چەند ڕۆژێک نەبێ، ئیدی بەردەوام ڕەشەبا بوو، ڕەشەبایەک ڕەشتر لە شەڕی براکوژی.

نازانم کام پێشمەرگە بوو بێچوە پشیلەیەکی نێرەی بۆ بارەگا هێنا ، ئیدی ئەبا لینای سەرکردە، کەوتە بەخێوکردنی، باشترین خواردنی دەدایێ، قوتوە ماسی و پەنیری کیری دانمارکی، گوشتی بولغاری. پشە لەوەدا بوو ببێتە گوربە و هەنووز فێری ڕاوی مشکان نەبوو، هەرچەندە دارو بەردی ئەو کەرەچاڵە ژاوەی دەهات لە مشکی خرپن. هەر ئەو ساڵەش ئەو هاوڕێ کاوەیە، بەڵام ناوی هادی بوو، ڕێگەی کەوتە ئەو کەرەچاڵە تا بەرەو هەندەران بڕوا، بەڵام بەخت یاوەری نەبوو، بوو بە پێشمەرگە.
هێندەی نەبرد ئەو کاوەیە کە ناوی هادی بوو، ئەو ئەبا لینایە فجوقی پێکرد و دوای چەند مانگێک بوو بە بەرپرس. لە ماوەی ئەو سالانەدا، تەنها ئەو دوو چالاکییەم لەو سەرکردە شیوعیە بینی، وەک وتم، یەکەمیان بەخێوکردنی پشەیەک کە نازانم بوو بە گوربە یان نەء، و دواتریان بەرزکردنەوەی کەسانی وەک کاوە مەحمود بوو ، کە مێشکێکی میکانیکی و داهێنانەکەیان تەنها ئەوە بێ، کە لە سەر مێژووی حزب سازش بکەن، ڕێک وەک پشەکە کە قەبارەی وەک گوربەیەک بوو، بەڵام کایەی ڕاوی مشکانی فێر نەکردبوو.

دەگەڕێمەوە سەر کۆنگرەی شەش. بەرهەمە مەزنەکەی ئەبو لینا بوو بە گوڵ و کاوە بوو بە سکرتێری حزب، هەر ئەو نا، دەهای وەک هەڤاڵ هەندرێن ئەحمەد و.. هتد، وەدیهێنانی ڕۆژەڤی مێژووی پارتی. ئیدی مەگەر تەنها حزبەکەی بنەماڵەی بەرزانی و کەمال شاکر و عەزیز موحەمەد بزانن، چەندی دی، پەڕوباڵی ئەو حزبە دەکرێ.

هەزار ڕەحمەت لەو هاوڕییانە کە لە پشوی کۆنگرەدا خەریکی کۆنکەن و دۆمینە بوون. هەواڵی واش هەیە، کە هاوڕییانی دژە پارتی، دەرەوەی حزب، بۆ میوانداری بانگیش نەکرابوون نەبا هەندێ پەزی شیوعییە پارتی بتارێنن. خەرمانی کۆنگرەی چەند ڕۆژ تەمەن، بە ماڵئاوایی کۆمەڵێک شیوعیە پارتی و هاتنی کۆمەڵێکی دی هەڤاڵە هاوڕێی گەنج بەرەکەت بوو. کۆنگرەیەک وێنای مۆڵە بازارێکی بازرگانەکانی بنەماڵە و کەرت کەرتێنە، کە کاری هەڵگرتنی تەرمی مردویەکی مێژوو زێڕینە..

ئەو ئەبا لینایە، دوای نۆ ساڵ لە کوردستان، تەنها دوو وشە فێربوو، بەیانیت باش و وشەی هاوڕێ بەبێ ڕێ، کە هەندێ هاوڕێی هەورامی وایان دەزانی دەڵێ هەوری!

ئاسۆ بیارەیی
لە سەد هەسارەی یاداشتەکانەوە
٣٠-١٠-٢٠١٦